ئەم بابەتە لە بەرواری 2014/06/21 لە لایەن م.محمد رافع لە شاری هەولێر گوترا‌وەتەوە و لەلایەن دۆستان و قوتابییەکانی نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە.

**ئەو جۆرە کەسایەتییانەی لە نێو قورئان باسکراون چین و بە چ شێوازێك خودای ڕەحمان ئاخاوتنەکانیانمان بۆ دەگوازێتەوە و ئایا مەرجە خودای ڕەحمان لێی ڕازی بێت؟**

**جوگرافییەتی وشەی (أطاعة) بە گوێرەی پێغەمبەران هەموویان کێ داوای کردووە، هەروەها لۆ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) کێ داوای کردووە؟**

**ئایا (أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ) لەم ئایەتە چۆنە و گوێڕایەڵی بۆ (أُوْلِي الأَمْرِ) جیاوازی هەیە؟ ئایا (أَطِيعُواْ اللّهَ) چۆن ئەنجام دەدرێت؟**

**خۆشترین وشە لە قورئان هاتبێت کە تەنیا بۆ نەتەوەی پێغەمبەرمانە چییە؟ وشەی شوێنکەوتن (إتباع) لەگەڵ وشەی گوێڕایەڵیی (إطاعة) جیاوازی چییە؟ ئەم هاوەڵە چی کرد کە سێ گەڕەك دوور بوو و بیستی "(خەڵکینە دانیشن)؟ مەسەلەی (هاتنی بذراع) ی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) چی بوو؟ ئایا (إستجابة)ی خودای چۆن دەکرێت و پەیوەندی بە رسول الله(عليه السلام و البركات) چییە؟**

**ئایا لە قورئاندا ژیان (حياة) چۆن پەیوەستکراوە بە (الأستجابة للرسول)؟ ئایا (الأستجابة للرسول) پەیوندیدارە بە خودای ڕەحمان؟ جیاوازی خستنەڕووی مەقامی پێغەمبەر لەلای سیرەخوانان و لە نێو قورئان چییە؟**

**ئایا بە کردەییانە ناوبڕ لە نێوان پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) و ئیماندارانی نەتەوەکەی**

**دروست دەبێت بە دووری کات و شوێن؟**

**بۆ ئەوەی پێغەمبەر چۆنە وای بناسیت دەبێ چی بکەیت؟ ئایا دەشێت (ئەبو لەهەب) مافی بینینی پێغەمبەری هەبوو‌بێت و ئێمە ئەم مافەمان نەبێت!**

**ئایا دەکرێت گوێبستی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) ببین؟ هاوەڵان(الصحابة) لە نێو قورئان کێیە و چەند چینیان هەیە؟**

لە چاوپێکەوتنەکانی پێشوو باسی پێغەمبەرانمان کرد و پاشان باسی پێغەمبەرمان کرد لە خزمەتتان، ئامانجم ئەوە بووە کەوا بزانین قورئان کەسایەتی (أنبياء) و جووڵە و چالاکییان لە سەردەم و شوێنی خۆیان چۆن پێناسە و دەستنیشان دەکات بە بەراوورد لەگەڵ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات)؟ ئەویش جووڵەو چالاکی و ئەوەی کە پێشکەشی کردووە چۆن بووە، لە موحازەرەکانی پێشوو ئاماژەمان بەوە دا کەوا (أنبياء) لەنێو هۆزەکانیان ڕۆڵیان چی بووە؟ چییان کردووەو چەندیان پێ ئەنجامدراوە، زنجیرەکانی کۆتایی ژیانیان چۆن بووە، بە پێوانە لەگەڵ ئەویش چووینە خزمەت پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) و باسی ئەویشمان کردووە، لێرەش کۆمەڵێك وشە هەن لە قورئان دەربارەی پێغەمبەران لەگەڵ پێغەمبەری خۆمان(عليه السلام و البركات) ئایا چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەم وشانە کردووە؟

**ئەو جۆرە کەسایەتییانەی لە نێو قورئان باسکراون چین و بە چ شێوازێك خودای ڕەحمان ئاخاوتنەکانیانمان بۆ دەگوازێتەوە و ئایا مەرجە خودای ڕەحمان لێی ڕازی بێت؟**

لە سەرەتا پێشەکییەتان لۆ بخەمە ڕوو دەربارەی چەمك و تێگەیشتنی قورئانیی لۆ کەسایەتییەکان، ئێمە لە قورئاندا دوو جۆر کەسایەتیمان هەیە، یەکەمیان کەسایەتی ئەرێنی و دووەمیان بریتییە لە کەسایەتی نەرێنی، مەبەستەکەش بریتییە لەوانەی کە خودا لێیان ڕازی بووە و ئەوانەی کە خودا لێیان ڕازی نەبووە، خودای ڕەحمان لە قورئاندا باسی هەموو ئەو کەسایەتییانە دەکات، لە زۆر جێگەش گووتەو بێژتنەکان(تصريحات) و وشەکانی ئەم کەسایەتییانە دەگوازێتەوە لۆ ئێمە، لۆ نموونە" باسی قسەی أنبياء دەکات، لە هەمان کاتیش باسی دوژمنی (أنبياء)یش دەکات لە بەرامبەریدا، قسەی هەردوو لایان لۆ ئێمە دەگوازێتەوە، خودای ڕەحمان باسی شەیتان دەکات و باسی قسەکانی شەیتانیش دەکات، لە قورئان شەیتان چی لۆ ئێمە گواستوتەوە، واتە ئەو وشانەی کە خودای ڕەحمان لۆ ئێمەی دەگوازێتەوە لە شەیتانەوە ئەمە وشەی شەیتانییە، قسە و بێژتنەکانی شەیتانە خودای ڕەحمان لۆ ئێمەی دەوگوازێتەوە، بەڵام گوازتنەوەکەی بەڵگەی ئەوەی نییە کەوا بە کردارەکی خودای ڕەحمان ڕازییە بەم قسانە، ئەمە تەنیا گواستنەوەیە لێرە، یاخود باسی وشەکانی فیرعەون لۆ ئێمە دەگوازێتەوە، کاتێك دەیگوازێتەوە نابێتە بەڵگە کەوا ڕازییە لەم قسە و لەم هەڵوێستە. جا لە بابەتی أنبياء خودای ڕەحمان بە درێژی باسیان دەکات، کەوا ئەوان هەڵوێستیان چی بووە لە نێو نەتەوەکەی خۆیان، و چ ڕۆڵێکیان بینیوە، و هەڵوێستی نەتەوەکانیان بەرامبەر ئەو چۆن بووە؟

## جوگرافییەتی وشەی (أطاعة) بە گوێرەی پێغەمبەران هەموویان کێ داوای کردووە، هەروەها لۆ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) کێ داوای کردووە؟

لێرەدا وشەی گوێڕایەڵی (الأطاعة)م هەڵبژارد، جوگرافییەتی وشەی (أطاعة) بە گوێرەی پێغەمبەران هەموویان بە جۆرێك هاتووە، بەڵام لۆ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) بە جۆرێکی دی هاتووە، بە نموونەیەك زیاتر نزیکی دەکەمەوە لۆ تێگەیشتن، خودای ڕەحمان لە قورئان کاتێك لەگەڵ أنبياء مامەڵە دەکات لە دەربارەی چەمکی وشەی گوێڕایەڵی(أطاعة) لەگەڵ پێغەمبەرمان جیاوازییەکی زۆر هەیە، دەپرسین جیاوازییەکە چییە؟ وەکو نموونە" ئەگەر هاتوو سەرۆکی دەوڵەتێك ئەگەر بە خۆی بەیانێکی سەرۆکایەتی دەوڵەتی خوێندەوە، و بە زمانی خۆی لە پێش هەموو ئەندامانی نەتەوە و لە هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئاماژەی دا فلانە کەس نوێنەری منە، جێگری منە، جێنشینی منە، هەرچی ئەو کەسەش کردی ئەوا نێونەرایەتی من دەکات، ئەگەر ئەمە گووتەی سەرۆك کۆمار بێت، هێز و کاریگەرێتی ئەو وشانە لە جێگەیەکی دابنێین، لایەنی بەرامبەر نوێنەر(مندوب)ێك نوێنەرێك لە سەرۆك کۆمار بێتە سەر تەلەفزیون و قسان بکات، بڵێت من نوێنەری سەرۆك کۆمارم، ئەویش ئەو پایەیەی پێ داوم، بەمنی گووت ئەوا بە خەڵکەکەی ڕابگەیەنە، ئەم دوو پایەیە جیاوازییان هەیە یاخود نەخێر؟ واتە دوو دۆخ و حاڵەتمان هەیە:

یەکەم: سەرۆك کۆمار لە تەلەفزیۆن دەردەچێت و دەڵێت من فلانە کەسم کردۆتە بریکاری خۆم، جێگری خۆم، جێنشینی خۆم، ئەو جێگری من، لە جێگەی منە، و ئەو و نوێنەری من، ئەمەی لە لایەك دادەنێین.

لایەنی دووەم: کەسێك بێت بە ئیزنی سەرۆك کۆمار دانیشێت، و بڵێت سەرۆك کۆمار ئیزنی داوەتە من کەوا من ببمە نوێنەری بەڕێزیان، و ئەو قسانەی کە من دەیکەم لە جێگەی سەرۆك کۆمار دەیکەم، ئێوە دەبێت گوێڕایەلی من بن، دەپرسین ئەم دانەی یەکەمیان بەهێز ترە یاخود ئەوەی دووەم؟ بەبێ وێکچوواندن، هەمان دۆخمان هەیە بە گوێرەی پێغەمبەران هەموویان لە لایەك و لەگەڵ پێغەمبەرمان لە لایەکەی دی.

## فەرمانکردن بە گوێڕایەڵی لەلایەن خودای ڕەحمان بێت یان داوای پێغەمبەرێك بێت

## چی لە بابەتەکە دەگۆڕێت

جا دەچینە خزمەت وشەی گوێڕایەڵیی (إطاعة)، تەماشا دەکەین ئایا بە کردارەکی ڕێپێدانی پەروەردگاریان لایە ، خودا لە جێگەی ئەوانەوە قسە دەکات؟ لە چەمکی (گوێڕایەلی) (الأطاعة)، یان ئەوان بە ناوی خودایەوە قسە دەکەن، ئەگەر بچین لە خزمەتی قورئان هەمووسەیر بکەین ئەوا هیچ پێغەمبەرێکمان نییە کەوا خودای ڕەحمان ڕاستەخۆ ڕێپێدانی پێ دابێت و پێی گوتبێت تۆ داوا لە نەتەوەکەت بکە تاکو گوێڕایەلی (أطاعة)ت بکەن، جا لۆیە وشەی بڵێ (قل) لۆ هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە، لە قورئان وشەی گوێڕایەلی (أطاعة) نەهاتووە کە لە خودایەوە ئاڕاستە بکرێت لۆ نەتەوەیەك تاکو گوێڕایەڵی لۆ پێغەمبەرەکەیان بکەن، تەنیا لۆ پێغەمبەری ئێمە نەبێت، جا ئێستا تاك تاك دەچینە خزمەت پێغەمبەرەکان، ئایەتەکان دەردێنین تەماشا دەکەین ئاخۆ وتاریان چۆن چۆنی ئاڕاستەی نەتەوەکەیان کردووە، ئایا خودای ڕەحمان ڕێپێداون بەڵام ئەوان قسان دەکەن، لۆ زانین لە لایەنی پێغەمبەری ئێمە پایەکە تەواو جیاوازە، سەرەتا وەك ناساندنێکی وشەی گوێڕایەلی لە زمانی عەرەبی:

الطاعة: الأنقياد و الموافقة، أو السمع و الطاعة، رهن الأشارة، الأنقياد للأمر، (السمع و الطاعة: بە کورتی پێی گوتراوە" گوێم لێت بوو بە گوێت دەکەم واتە" سمعتك و أطعتك.

یان الطاعة العمياء: الطاعة المطلقة.

وشەی الطاعة واتە گوێڕایەلی، یان بە قسەکردن، یان بە گوێکردن.

پێچەوانەی وشەی أطاعة: هەڵگەڕانەوە (التمرد)، شۆڕش(الثورة).

## گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەران

ئەگەر تەماشا بکەین پێغەمبەران هەموویان، بزانین خودا لە جێگەی ئەوانەوە قسە دەکات؟ یان ئەوان خۆیان قسان دەکەن و داوای گوێڕایەڵی لە نەتەوەکەیان دەکەن؟ ئایەت ئایەت دەچینە خزمەت یەکە یەکەی پێغەمبەران:

### نوح(عليه السلام):

یەکەم پێغەمبەر وەردەگرین، نوح(عليه السلام): (إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ نُوحٌ أَلَا تَتَّقُونَ * إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ * فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ)(الشعراء106-108)، لە وشەی (فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ)ەوە دەردەکەوێت کەوا نوح بە نەتەوەکەی دەڵێت تەقوای خودای بکەن و گوێڕایەڵی من بکەن، خودا نەیفەرمووە نەتەوەی نوح تەقوای من بکەن و گوێڕایەڵی نوح بکەن! دەربارەی هۆزی عاد، جەماعەتەکەی هود هاتووە: (كَذَّبَتْ عَادٌ الْمُرْسَلِينَ * إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ * إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ * فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ)(الشعراء123-126)، بە هەمان شێوە هود نوێنەرە، و داوادەکات (فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ).

### صالح(عليه السلام):

بچینە خزمەت صالح: ( كَذَّبَتْ ثَمُودُ الْمُرْسَلِينَ * إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صَالِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ * إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ * فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ)(الشعراء141-144)، بە هەمان شێوەی پێغەمبەرانی دی داوادەکات (فَاتَّقُوا اللَّهَ

وَأَطِيعُونِ)، هەموو پێغەمبەران ئەوان بە زمانی خۆیان دوا لە نەتەوەکەی خۆیان دەکەن کەوا تەقوا و گوێڕایەڵییان بکەن، هۆزی شوعەیب: (إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ * إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ * فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ)(الشعراء177-179) هەر هەموو پێغەمبەرەکان ئایەتێکمان نییە تێیایدا خودا فەرمان بکات بە نەتەوەی هیچ پێغەمبەرێك کەوا من ئەو پێغەمبەرەم ڕەوانە کردووە ئێوش هەمووتان تەقوای من بکەن و گوێڕایەڵی ئەو پێغەمبەرە بکەن، بەڵکو پێغەمبەرەکە هاتووە و ئەم داوایەی.

**لوط(عليه السلام):**

بەهەمان شێوە لوط(سڵاوی خودای لێبێت): (كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ الْمُرْسَلِينَ * إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ * إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ * فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ)(الشعراء160-164) هەموویان هەمان ڕستە دووبارە دەکەنەوە.

**هارون(عليه السلام):**

لە شوێنێکی دی هارون برای موسا(عليه السلام): (وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَارُونُ مِن قَبْلُ يَا قَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِ وَإِنَّ رَبَّكُمُ الرَّحْمَنُ فَاتَّبِعُونِي وَأَطِيعُوا أَمْرِي)(طه90)، دیسان هارون ئەم قسەیە دەکات، خودای ڕەحمان لە هارونەوە لۆمان دەگێڕێتەوە، نەك خودای ڕەحمان خۆی وای فەرمووبێت!

**عیسا(عليه السلام):**

بە هەمان شێوە عیسا(عليه السلام) کاتێك دەفەرمووێ: (وَمُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَطِيعُونِ)(آل عمران50).

**گوێڕایەڵی خودا چۆنە؟ گوێڕایەڵی پێغەمبەری خۆشەویستمان(عليه السلام و البركات)چۆنە؟**

**ئینجا (اولي الأمر) چۆن گوێڕایەڵی دەکرێن:**

**گوێڕایەڵی پێغەمبەری خۆشەویستمان(عليه السلام و البركات):**

هەرچی پێغەمبەرمانە ئەوا ڕاستەوخۆ خودای ڕەحمان دێتە نێو هاوکێشەکە، لێرەدا خودا لە جێگەی پێغەمبەرەوە قسە دەکات، پێغەمبەر ڕۆڵی نییە، (بەبێ وێکچواندن) کە لە پێشەوە باسی سەرۆك کۆمارەکەمان کرد، ڕێپێدانی تەواو دەداتە بریکارەکەی، هەر هەموو ڕێپێدانێك، واتە بریکارەکەی یان جێگرەکەی هەموو دەسەڵاتێکی هەیە، لۆیە دەفەرمویت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ)(آل عمران59) ئینجا پاشان: (وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ) لێرەدا وشەی گوێڕایەڵی (أطاعة) نییە، ئەوەتا ئایەتەکە دەفەرمووێت: (أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ) بەڵام تێیدا نییە کە بڵێت:(وأطيعوا أولي الأمر منكم)! لۆ نییە؟ وشەی (أَطِيعُواْ اللّهَ) ڕەهایە، واتە خودا هەرچی فەرموو گفتوگۆی تێدا نییە، (وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ) دوای ئەویش کە وشەی (أطاعة) لۆ پێغەمبەر هاتووە، دیسان گفتوگۆی تێدا نییە، پێغەمبەرمان هەرچییەکی فەرموو بە چاو نوقاندن دەبێت جێبەجێ بکرێت، ئەی ئەوەی سێیەم چۆنە؟ ئەویان وشەی گوێڕایەڵی (أطاعة)ی لەپێشدا نییە، واتە (وأطيعوا أولي الأمر منكم) تێدا نییە، بەڵکو"(وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ)، واتە ئەگەر هاتوو (أُوْلِي الأَمْر) گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەریان کرد (أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ)یان ئەنجامدا ئەوکات (أُوْلِي الأَمْر) مافی ئەوەیان هەیە گوێڕایەڵی بکرێن، ئەگەر هاتوو (أُوْلِي الأَمْر) هەڵنەستان بە ئەنجامدانی: (أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ) ئەو کاتە مافی ئەوەیان نییە کەوا (إطاعة) بکرێن، لۆیە وشەی (إطاعة) بوونی نییە لەم شوێنەی باسکرا، لۆ؟ چونکە گوێڕایەڵیکردنی (أُوْلِي الأَمْر) پەیوەستە یاخود

مەرجدار کراوە بە (أَطِيعُواْ اللهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ). جا لۆیە گووتارەکە لۆ ئیماندارانیشە، لەمەوە دەدەکەوێت کەوا پێغەمبەران(علیهم السلام) بە زمانی خۆیان قسەیان کردووە بەڵام بە ڕێپێدانی پەروەردگارییانە، بەڵام پێغەمبەرمان ر ب العالمین فەرمان دەکات: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ)(آل عمران59) نەیفەرمووە (وأطيعوا أولي الأمر منكم). پاشان لەمەش سەیرتر لە تەواوکاری ئایەتەکەدا هاتووە: (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ) واتە ئەگەر کێشەیەکتان بوو یان سین و جیمێکتان بوو ئەوا: (فَرُدُّوهُ إِلَى اللهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً)(النساء59)، دوو ئیماندار کێشەیەکیان بوو، بابەتێکیان لە نێواندا بوو، ئایا دەتوانن بچنە خزمەت خودای! لە خزمەت خودای بوەستن؟ پرسیار لە خودای ڕەحمان بکەن؟ ئایا کەس توانیویەتی شتی وا بکات؟ بێگومان نەخێر، جا دەپرسین ئەی دەچێتە خزمەت کێ؟ دەچێتە خزمەت پێغەمبەر (رسول)، واتە ئەگەر چوونە خزمەت پێغەمبەر چوونەتە خزمەت کێ؟ :(فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً)(النساء59)، نەیفەرمووە بگەڕێنەوە لۆ (کلمات الله)، نەیفەرمووە قورئان، لێرەدا دوو ئیماندار کێشەیان هەیە، چۆن بچنە خزمەت الله؟ دەچنە خزمەت  رسول الله، ئەویش وەك ئەوە وایە چوونەتە خزمەت الله، ئەمەش گووتەی پەروەردگارە دەفەرموویێت: (وَأَطِيعُواْ اللهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ)(آل عمران132) بێگومان ئەوەی شارەزایی هەیە لە زمانی عەرەبی ئەو وشەی واوە (و) زۆر بەهێزە، ناڵێت گوێڕایەڵی خودای بکەن پاشان گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکەن، ئاگاداری ئەم خاڵە بن، نەخێر وا نافەرموێت، هەر یەکسەر لەگەڵ خودای پێغەمبەریش دێت، (وَسَارِعُواْ إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ)(آل عمران133) ئەمە هەمووی چ کاتێك جێبەجێ دەبێت؟ ئەو کاتەی کە (إطاعة)ی خودا و (إطاعة)ی پێغەمبەر کرا، سەیری بەرجەستەبیانەی هەڵوێستی پێغەمبەرمان بەرامبەر پلە و پایەی پەروەردگارییانە (رباني) بکەین، خۆشترین وشە لە قورئان وشەی خۆشەویستی (الحب)ە، هەڵبەت ئەم وشەیە تەنیا لۆ نەتەوەی موحەممەدیی هاتووە، لۆ نەتەوەکانی دی نەهاتووە، واتە جگە لە نەتەوەی موحەممەد وشەی (حب)ی لۆ بەکار نەهاتووە، دەربارەی ئەمەش دەفەرموێت"(قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)(آل عمران31)، ئایەتەکە بە (قُلْ) دەست پێ دەکات، واتە خودای ڕەحمان فەرمانی پێ دەکات کە وا بڵێ، (قُلْ أَطِيعُواْ اللهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ)(آل عمران32) واتە هەر (تولي)یەك کوفرە.

**خۆشویستنی خودای ڕەحمان**

**خۆشویستنی پێغەمبەری خۆشەویستمان(علیه السلام و البرکات):**

ئەو کەسەی بانگەشەی خۆشویستنی خودای دەکات لە هەموو ئایینەکان، پێغەمبەر دەفەرموێت با ئەو کەسە بێت و شوێن من بکەوێت، واتە (بەبێ وێکچوواندن) خۆشەویستی خودای بەم شێوە وێنە بکەین لەم لایە خۆشەویستی خودای ڕەحمان بێت و لە لاکەی دی پێغەمبەرمان بێت، دەڵێت ئەگەر ئێوە بتانەوێت خۆشەویستی خودای دابەزێتە سەرتانەوە، ئەوا شوێنی من بکەون، وەك ئەوەی کەوا هەرچۆنێك پێغەمبەرمان جوولەیەکی کرد، ئەوا خۆشەویستی خودای لەگەڵە نەك لە دوایەتی، جا ئەوەی لێرە لەدوای پێغەمبەر بێت ئەوا بە دڵنیاییەوە خۆشەویستی خودای بە دەست هێناوە، بە واتایەکی دی و (بەبێ وێکچوواندن) کەسێك چەترێکی لە دەست بێت، چەترەکەش دوو نەفەریی بێت، جا ئەوەی بیەوێت خۆشەویستی خودای ڕەحمانی ببێتە بەشی و ببێتە نەفەری دووەمی چەترەکەی، ئەو چەترەکەی هەڵگرتووە تەنیا بچێتە ژێر چەترەکەی خۆشەویستی خودای دایدەگرێت، هەڵبەت هیچ پێغەمبەرێکی دی ئا ئەو پلەوپایەی نییە لە قورئاندا، لۆ چ حاڵەتێك؟ لۆ حاڵەتی خۆشەویستی (حب)ی خودای، لۆ زانیاریتان لێ

ڕازیبوون (رضوان) شتێکە و خۆشەویستی (حب)یش شتێکی دییە، واتە لەوانەیە خودای ڕەحمان لە هەندێ کەس ڕازیی ببێت بەڵام مەرج نییە خۆشیانی بوێت، لێرەدا خۆشویستنەکە لە پێش رضوانە، لۆیە چەمکی خۆشویستنی پەیوەست کردووە بە چەمکی شوێنکەوتن (إتباع)(فَاتَّبِعُونِي)، وشەی شوێنکەوتن (إتباع) لەگەڵ وشەی گوێڕایەڵیی (إطاعة) جیاوازی چییە؟ وشەی گوێڕایەڵیی (إطاعة) کەسەکە تا ڕاددەیەك مافی هەیە چاوی بکاتەوە و تەماشا بکات، بەڵام هەرچی وشەی شوێنکەوتن (إتباع) ئەوا هەر لە بنەڕەتدا هەستەکانیش هەمووی دەوەستێت، تەنیا لە دەمی ئەو لۆ نێو گوێی و یەکسەر جێبەجێکردنەکەیەتی، بە بێ (سمع و بصر و فؤاد) دادەڕوات، لۆیە وشەی (إتّباع) لە قورئاندا لۆ پێغەمبەرمان لە سێ جێگەدا هاتووە، ئەوەی دەمێنێتەوە شوێنکەوتن (إتباع) هەمووی لۆ خودای ڕەحمانە، بەڵام لێرە"( فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ الله)(آل عمران31)، لێرەدا هەستەکان نامێنێت، واتە ئەندامەکان وەك"(سمع و بصر و فؤاد) هیچیان نامێنێت، پێوەر وپێوانەکان نامێنێت، یەکسەر و بە شێوازێکی ئۆتۆماتیکی هەر کە گوێبیستی بوو دەبێ جێبەجێی بکات، ئەگەر ویستی کرداربیانە خۆشەویستی خودای ڕەحمانی ببێتە بەشی، لە ئایەتێکی دی هاتووە کە ئەگەر گوێڕایەڵی خودا نەکرا ئەوا هەرچی کردەوە هەمووی بەتاڵ دەبێتەوە وەك هاتووە" ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَلَا تُبْطِلُوا أَعْمَالَكُمْ)(محمد33). شتێك کە لە هەمووی سەیرتر لێرەیە" (مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَن تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظاً)(النساء80) لێرەدا هاوکێشەکە پێچەوانە بوویەوە، ماناکەی وای لێ دێت ئەوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەری کرد وەك ئەوە وایە کە گوێڕایەڵی خودای کردووە، وەك ئەوەی کە بەبێ وێکچواندن پێغەمبەرمان نوێنەرێکی سەدا سەدی خودای ڕەحمانە لەسەر زەوی، (مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ) ئەوەی شارەزایی لە زمانی عەرەبی هەبێت کاتێك پیتی (فاء) و (قد) هاتوونەتە سەر (فعل) (فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ) ئەمە هەمووی تحقیقاتە، هەمووی پێداگرتنە (تأكيد)ە، بەو مانایەی کە ئەگەر بەم شێوەیەتان کرد ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێوە ئەمەتان ئەنجام داوە، واتا" ئەگەر گوێڕایەڵی پێغەمبەرتان کردبێت ئەوا بە دڵنیاییەوە گوێڕایەڵی خوداتان کردووە ئێوە، تەواوکەرەکەی (وَمَن تَوَلَّى) واتە ئەگەر گوێڕایەڵییەکە نەبوو مانای وایە کە (تَوَلَّى)یان کردووە (پەنا بە خودا) ئەو کات ڕوو لە نەتەوەکەی ناکات، بەڵکو باسی پێغەمبەر دەکات" ( فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظاً)(النساء80)، واتە بە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) دەفەرمێ تۆ ئەزیەت مەخۆ و ئێش و ئازار مەبینە، ئەمەی باسمان کرد هەمووی مانای چەمکی گوێڕایەڵیی(إطاعة)یە، دووبارەی دەکەمەوە کەوا دەیەها ئایەت هەیە باسی پلەو پایەی پێغەمبەرمان لە لایەك و پلەو پایەی پێغەمبەرانی دی لە قورئان ڕوون دەکاتەوە، لۆیە یارانی پایەدار کاتێك مامەڵەیان دەکرد لەگەڵ فەرمانە پەروەردگارییەکان ئا بەم جۆرە مامەڵەیان دەکرد.

ڕۆژێکیان هاوەڵێك گوێبیستی دەنگی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) بوو، ڕۆژی هەینی بوو لەسەر مینبەر، فەرمووی خەڵکینە دانیشن، ئەمە لە کاتی ووتار دان بوو، هاوەڵێك سێ گەڕەك دوور لە مزگەوت گوێبیستی ئائەم وشەیە بوو"(خەڵکینە دانیشن)، لەم دوورییە کە گوێبیست بوو دانیشت، کاتێك نوێژ تەواو بوو، ئەو هەر لە جێگەی خۆی بوو، هاوەڵان دوای تەواو بوونی نوێژ، کە بەلای ئەوەوە دا تێپەڕین، ئەو کاتە زانی نوێژ تەواو بووە و ئەو دەمە قسەی پێغەمبەرمان ئەو هێزە و کاریگەرییەی نەما، کەواتە مافی ئەوەی هەیە جوولە بکات، شێوازی یاران لە مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمانە پەروەردگارییەکان بەم جۆرە بوو!

**(هاتني بذراع):**

ڕۆژێك پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) ویستی وانەیەك بداتە چەند هاوەڵێکی لە ماڵی یەك لە یارانی، داوەت کرابوو لۆ خواردنی (پاچە)، کە چووە ماڵەکەی بە هاوەڵەکەی گووت" خواردنەکە ئامادە بووە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە" بەڵێ، فەرمووی خواردنەکە بە مەنجەڵەوە بیهێنە لە پێشم داینێ، هاوەڵەکەش مەنجەڵەکەی هەڵگرت و هێنای لەبەردەم پێغەمبەری دانا، قەپاغیان لادا و پێغەمبەریش بە هاوەڵەکەی گووت کەوا دەستت لە نێو چێشتەکەی دابنێ، فەرمووی: (هاتنی بذراع) واتە قۆڵێکیم بدەرێ، عەرەب لەوسەردەمدا بە قاچ و دەستی ئاژەڵیان گووتوە (ذراع)، هاوەڵەکەش قۆڵێکی دایە دەست پێغەمبەر(عليه السلام و البركات)، فەرمووی" هاتني بذراع، هاتني بذراع، هاتني بذراع، ئایە بووبە چوار یان نەخێر؟ ئەم جارەش گووتی هاتني بذراع، گووتی (یا رسول الله)(عليه السلام و البركات) ئاژەڵان چوار پێی هەیە! فەرمووی واللە چەند دەستت درێژ کردبایە ئائەوەندە (ذراع)ە دەهاتە دەستت، ئەوەیە مانای گوێڕایەڵی (الأطاعة)یە، لۆ زانین ئێمە بە بێ بەڵگە نەویستانە دەزانین کەوا ئاژەڵ چوار قاچی هەیە! دوو دانە لە پێشەوە و دوو دانە دی لەدواوە، فەرمووی هەر چەند جار بە تۆم بمگووتایە" هاتني بذراع نەك بە ژیربێژی و بە بەڵگەنەویستانە بت کرایا نەخێر، بڕوات بە قسەی من بهاتایا، هەر چەند جار دەست درێژ بکردایا ناو مەنجەڵەکەیەوە ئەوە (ذراع) دەهاتە نێو دەستت، ئائەمەیە مانای چەمکی (أطاعة)، جا هەر لەبەر ئەمەش بوو یارانی پایەدار گەیشتن، گەیشتن بەم پایەی کە بە کردارەکی خودای ڕەحمان لە قورئاندا وەسفیان یاران دەکات و باسی هەڵوێستەکانیان دەکات و باسی خووڕەوشتیان دەکات لە خزمەت پێغەمبەردا چۆن بوون، کەواتە ئەگەر هاتوو گوێڕایەڵی بەم جۆرە بوو بە بۆچونم هەمان ئەنجام دەدات، هەمان حاڵات و هەڵوێست دێنێتە ئاراوە.

## بەدەمهاتن و وەڵامدانەوەی (الأستيجابة لـ) پێغەمبەران

## بەدەمهاتن و وەڵامدانەوەی (الأستيجابة لـ) و پێغەمبەری خۆشەویستمان(عليه السلام و البركات) کامەی ژیان بەخشە؟

ئەگەر چەمکێکی دی یان زاراوەیەکی دی وەربگرین، ئەویش بەدەمەوە هاتن و وەڵامدانەوە (أستجابة)، پێغەمبەرمان یاخود پێغەمبەرانی دی(عليهم السلام و البركات) یاخود هەر مرۆڤێك، کە فەرمانەکان دەخاتە ڕوو هەڵوێستی بەرامبەر دەبێت چی بێت؟ جا ئەگەر وەڵامیان دایەوە ئەوا لە زمانی عەرەبی پێیدەگووترێت (إستجابة)، ئەم وەڵامدانەوەیە لە عەرەبی واتە بەقسەکردنییەتی لە فەرمانەکەی، یان ئامادەیی لە جێ بەجێکردن، یان بە دەنگەوەچوون، یان ئامادەیی، ئەمە مانای چەمکی (إستجاية)یە، لە زمانی عەرەبیش بە چەند مانایەك هاتووە: إستجاب (فعل)ە، هەروەها بە مانای بە دەگەوهاتنی (لَبّاه) دێت، أطاعه فيما دعاه، فەرمانەکانی جێبەجێکرد (نفذ أوامره)، کاتێك لە قورئاندا باسی (إستجابة)ی دەکات دەفەرموێت"(اسْتَجِيبُوا لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللَّهِ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَأٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ * فَإِنْ أَعْرَضُوا فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظاً إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا الْبَلَاغُ)(الشورى47-48) بە کورتییەکەی واتە ئەگەر بێتوو (إستجابة)ی خواتان کرد، ویستتان بەدەم خواوە بێن (إستجابة)ی خودا بکەن ئەوا لە خزمەت پێغەمبەر دەبن، بەدەمەوەهاتنی (إستجابة)ی پەروەردگار(رب) پابەندبوونە بە فەرمایشتەکانی پێغەمبەرمان، کەواتە دیسان پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) ئیش بە بریکارنامە ڕەهاکە دەکات (الَّذِينَ اسْتَجَابُواْ لِلّهِ وَالرَّسُولِ مِن بَعْدِ مَا أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ)(آل عمران172)، دەپرسین (إستجابة)ی خودای چۆن دەکرێت؟ هەر کاتێك (إستجابة)ی رسول کرا واتە (إستجابة)ی خودای دەکرێت، (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ)(الأنفال24) بێگومان (حياة) لە دەست خودای ڕەحمانە، واتە ئەگەر هاتوو (إستجابة)ی خوداتان کرد

ئەوا ئێوە (إستجابة)ی ڕەسولتان کردووە، ئەگەر سەیرێك بکەین و بپرسین چۆن (إستجابة)ی خودای دەکرێت بێگومان کاتێك (إستجابة)ی (رسول) دەکرێت، کەواتە (رسول) نوێنەری ڕەهای خودایە، کاتێکیش نوێنەری ڕەهای خودایە و ئەگەر هاتوو کردارییانە (إستجابة)ی (رسول) کرا ئەو کاتە بە کردارییانە (حیاة)ەکە لە ساتی (إستجابة)ی (رسول)ە یان نەخێر؟ بێگومان وایە، ئەم بابەتەکە کەمێك هەستیارە، دەفەرموێت" (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ)(الأنفال24) (يُحْيِيكُمْ) ئەم وشەیە، ئەگەر هاتوو ئەم (حیاة) کە تەنیا لۆ الله(ﷻ)ە کاتێك کە دەفەرموێت (إستجابة)ی خودا و پێغەمبەر بکەن، واتە ئەگەر ئێمە (إستجابة)ی پێغەمبەرمان کرد واتە ئێمە (أستجابة)ی خودامان کردووە، مانای وایە (إستجابة)ی ئەو (رسول)ە ئەو (حیاة)ە دروست دەکات لۆ مرۆڤ، واتە چ کاتێك (إستجابة)ی ئەو (رسول)ەی کرا کەواتە ئەو (حیاة)ە دروست بووە، لۆ؟ چونکە نوێنەری خودای ڕەحمان لێرەدا (رسول)ە بە ڕەهایی، کەواتە (إستجابة)ی (رسول) ئەو (حیاة)ەی دروست دەکات، ئەمەش واتە (رسول) ئەو (حیاة)ە دەداتە ئەو مرۆڤە، بە مانایەکی دی (رسول) دەتوانێت ئەو (حیاة)ە بداتە ئا ئەو مرۆڤە، تەنیا (إستجابة) لۆ (رسول) بکرێت، ئەگەر لە ئایەتەکە ورد بینەوە خودای ڕەحمان نەیفەرمووە (إستجابة)ی خودای بکەن بە قورئان، بەڵکو دەفەرموێت"(اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ) بەڵکو هیچ باسێکی قورئان لەم نێوەندە دا نییە، لۆ ئەم قسەیە دەکەم؟ چونکە زۆربەی تەفسیرکاران(ڕەحمەتی خودایان لێبێت) گووتوویانە (إستجابة)ی خودای واتە گوێڕایەڵی قورئان بیت، لۆ زانین لێرە باسەکە باسی قورئان نییە، بەڵکو باسی خودا و پێغەمبەرە، وەك تیایدا هاتووە"(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ)(الأنفال24) بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم جۆرە (إستجابة)یە نەبووئەوا لێرە باسی الله(ﷻ)ی دەکات باسی رسول ناکات، لۆ؟ چونکە الله(ﷻ) (مقلب القلوب)ە، دڵی هیچ مرۆڤێکی لە دەستی پێغەمبەر نییە، تەنیا لە دەستی رب العالمين ە، ئەگەر هاتوو ئیماندارەکان (إستجابة)ی (رسول)یان کرد کەواتە لێرەدا (تحویل)ی (قلب) ناکرێت (يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ)، خودا تحویلی قەلبیان ناکات، لۆیە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) دەیفەرموو"(اللهم يا مقلب القلوب ثبت قلوبنا على دينك)، (قلوب) هەمووی لە دەستی خودای ڕەحمانە، جا (إستجابة)ی (رسول)ی دڵنیاکەرەوە(تأمین)ی تحویل نەبوونی (قلوب) دەکات، ئەمەیە هەڵوێست پلە و پایەی پێغەمبەرمانە لە خزمەت خودای ڕەحمان.

**پلە و پایەی پێغەمبەرمان لە لای خودای ڕەحمان**

**پلە و پایەی پێغەمبەرمان لەلای سیرەخوانان**

خودا زانایانی (سیرة) عەفو بکات، کە زۆر لە مافەکانی پێغەمبەریان نەتوانیوە بە خەڵکی بگەیەنن، ئەوەی کە خودای ڕەحمان جێشوێنی پێغەمبەر دەخاتە ڕوو و ئاشکرای دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کارکردووان لە (سیرة) بە هەمان شێوە لۆ ئێمەیان نەخستۆتە ڕوو، کەواتە ئەوەی دەیەوێت پێغەمبەرمان بناسێت دەبێت بچێتە خزمەت قورئان، هەر لە قورئان پێگە و هەڵوێستی پێغەمبەر دەدۆزێتەوە، کاتێکیش کە دێتە خزمەت پەرتووکەکانی سیرە، هەر لە کۆنترین سیرە تاکو ئەوانەی هاوچەرخیش هیچ کەسێکیان نەیانتوانیوە بە قەد قورئان یان بە قەد الله(ﷻ) پایداریی و بەرێزڕاگرتن و بە شەرافەت دانان (تقدير و تكريم و تشريف)ی پێغەمبەر بگرن، پایەداریی (مقام)ی پێغەمبەر لەلای خودا هەیە، لەلای سیرەخوانان و لە پەرتووکەکانی سیرە، ئەوانەی ژیاننامەی پێغەمبەر باس دەکەن، لەلای وایە کە پێغەمبەر لە فڵانە ڕۆژ و کاتژمێر لە داییك بووە و لە فڵانە ڕۆژ و کاتژمێر لە دایك بووە، ژیانیشی کۆمەڵێك ڕووداو و جەنگ و جزیە وەرگرتن و شەڕکردن و ئەم جۆرە شتانە بووە، بەڵام کە دەچیتە خزمەت قورئان ئەوا خودای

ڕەحمان کەسایەتی ئەو پێغەمبەرە بە جۆرێکی دی دەخاتە ڕوو، لۆیە بە بۆچوونی من ئەوەی بیەوێت ئیمانی ڕاستەقینە(الحق) بە پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) بێنێت، و بیەوێت پێغەمبەریش بناسێت هەروەك خودی پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) چۆنە ئاوای بناسێت ئەوا ناتوانێت لە ڕێی سیرەوە بیناسێت و ناتوانێت شتێکی لێوە هەڵێنجێت، بە کردارییانە پێویستە بچێتە خزمەت قورئان، تاکو پێغەمبەر چۆنە وەك خۆی بیناسێت، لە دوای ناسینی لە ئاستی پەیامبەرایەتی و پێغەمبەرایەتی (رسالیتە و نبوتە) ئیمان بە پێغەمبەر بێنێت، واتە لەو ئاستەی کە پێویستە و داواکراوە کە ئیمان بە پێغەمبەر بێت، تەنیا لە ڕێی قورئانەوە ئەم ئیمانە دێتە کایەوە، جا لۆیە زۆر زۆر گرنگە ئێمە بزانین کە چۆن دەڵێین: (و أشهدوا أنَ محمَدا رسولُ الله)، بە گوێرەی شێوە و شێوازی پەرتووکەکانی سیرە پێغەمبەرمان کەسایەتی کەم و کوڕیی هەیە، تەنها قورئان ئەو پلەو پایە و پێگەیەی لۆ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) دروست دەکات.

## ئایا بە کردەییانە ناوبڕ لە نێوان پێغەمبەر و ئیماندارانی نەتەوەکەی

## دروست دەبێت بە دووری کات و شوێن؟

لۆیە هیوا دەخوازم کە ئەو پێغەمبەرە بناسین وەك ئەوەی پێویستە بیناسین، هەر بەم جۆرەی کە خودای ڕەحمان لە قورئان باسی کردووە، و بەم جۆرەی کە ئەویش ویستوویەتی ئیمانی پێ بێنین.

(قَالُوا يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَاباً أُنزِلَ مِن بَعْدِ مُوسَى مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَى طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ * يَا قَوْمَنَا أَجِيبُوا دَاعِيَ اللَّهِ)(الأحقاف30-31) وشەکان زۆر تەندار و بەرجەستەیە، ئینجا پاشان تەواوی دەکات" (وَآمِنُوا بِهِ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ)(الأحقاف31)، ئینجا پێچەوانەی ئەو" (وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِيَ اللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي الْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُ مِن دُونِهِ أَولِيَاء أُوْلَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ)(الأحقاف32) سەیر بکەن کەوا چۆن چۆنی وێنەی پێغەمبەرمان دەکێشێت"(دَاعِيَ اللَّهِ ) واتا نوێنەر لۆ الله.

پرسیار: ئەو کاتەی کە قورئان دابەزیوە پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) لە ژیان بووە، خەڵکیش لەوەوە زانیارییەکانیان وەرگرتووە، ئینجا ئەویان خۆشویستووە و خوداشیان خۆشویستووە، بەڵام بە گوێرەی ئێمە ناوبڕێك هەیە لەگەڵ ئێمە ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەر لە ژیانی ئێمەدا نەماوە، ئایا چۆن دەبێت یان ڕێچکەی ژیانی ئیمە ڕاستە بەم جۆرە بێت؟ واتە پێغەمبەر لەنێو ئێمە دا نییە چۆن ئەمە دەبێت؟

ئەگەر زیاتر و وردتر بچینە نێو پرسیاری ئەم بەڕێزە، وەك باسی دەکەیت کەوا لەسەردەمی پێغەمبەری یاران و هاوەڵان هەبوون، هەوەڵەکان ڕاستەخۆ گوێبیستی پێغەمبەر دەبوون، بەڵام پێغەمبەر لە دونیا دەرچوو، ئێستا پێغەمبەر نەماوە، ئەو کاتەش پێغەمبەر نوێنەرایەتی خودای ڕەحمانی دەکرد، ئەی ئێستا کێ نوێنەری خودای دەکات؟ ئەمە مانای پرسیاری سەرەوەیە.

## ئایا دەشێت (ئەبو لەهەب) مافی

## بینینی پێغەمبەری هەبووبێت و ئێمە ئەم مافەمان نەبێت!

وەڵامەکە بە کورتی ئەوەیە، ئایا وای لۆ دەچیت کەوا (ئەبو لەهەب) مافی ئەوەی هەبێت پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ببینێت بەڵام بەڕێزت پێغەمبەر نەبینیت؟ ئەگەر (ئەبو لەهەب) ئەم مافەی هەبێت و ئیمانیشی پێ نەهێنێت، بەڵام تۆ وەکو هاوەڵێك پێغەمبەرت خۆش بوێت و هەروەکو هاوەڵێکیش ویستت هەبێت کەوا گوێڕایەڵی پێغەمبەر ببیت، ئایا ئەگەر لەم حاڵەتە بێبەش بکرێیت ستەمت لێکراوە یان نەخێر؟ جا دەپرسم خودای ڕەحمان ئائەو ستەمەی دەکات(پەنا بەخودا)؟ بێگومان نەخێر، وەك بەڕێزتان گووتتان

کەواتە لێرەدا ڕێگرێك هەیە لە نێوان ئێمە و لە نێوان ئەم بابەتەی کە تۆ داوای دەکەیت و باسی دەکەیت گوایا ڕێگرێك هەیە لەم نێوەندە، جا دەبێت ئەم ڕێگرە لێکی بکەینەوەو شی بکەینەوە، تاکو بزانین لەبەرچی ئێمە بە قەد (ئەبو لەهەب) مافی ئەوەمان نەبێت کەوا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ببینین؟ یان بە قەد (ئەبو لەهەب) نەتوانین گوێبیستی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ببین، ئینجا ئەگەر پێغەمبەرێك (رسول) بێت و (للعالمین)یش بێت، و پەیامەکەشی کۆتا پەیام بێت، ئایا بیرسا (منطقي)یە یان دادوەرییە ئەم (العالمین)ە هەمووی لەم پێغەمبەرە بێ بەش بێت؟ ئینجا لەگەڵ داوای لیبوردنەوە کە ئەم نەتەوەیە ناوی ئیسلامە و ژمارەی ملیارێك و نیو زیاترە جگە لەمانیش چەند ملیارێکی دیش مرۆڤ دەژین، کە ئەمە هەمووی بە میرات لۆ پێغەمبەرمان ماوەتەوە، واتە دەبێت بەقەد موسا(علیه السلام) شتی لە لا هەبێت لۆ جولەکە، هەروەها بە قەد عیسی شتی لە لا هەبێت لۆ مەسیحییەکان، ئینجا بەقەد زەردەشت(علیه السلام) شتی لە لا هەبێت لۆ زەردەشتییەکان، ئینجا لۆ هەموو پێغە مبەرەکان بە ڕیز بەندیی، ئەگەر هاتوو ئێمە بە کردارییانە لەم حاڵەتەی بێ بەش بین ئایا ئەوانیش بێ بەش نین؟ ئینجا ئایا ئەوانیش ئەم مافەیان نییە ئەو گلەییەی بکەن؟ کەواتە بە کردارییانە دەبێت ڕێگرییەك هەبێت ئەمرۆ ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە بینیبێتی لەگەڵ ئەبو بەکر و عومەر و عوثمان ئەوا دەبێت ڕیگرییەك هەبێت وا بکات کە نەتوانێت هەمان ڕۆڵ لەگەڵ ئێمەش ببینێت! ئینجا ئایا پێغەمبەرمان ئەگەر (رسول و نبي) بێت ئەم تواناو لیهاتوویەی پێ درابێت کە تا ڕۆژی دوایی پەیامەکەی بەردەوام بێت، ئایا دەبێت ئەو کەم تەرخەم بێت یان لە ئێمە لارییەك هەیە بە کردارییانە ئێمە نەگەین بەم ئاستەی تەنانەت بەقەد ئەبو لەهەبیش پێغەمبەر ببینین یان ببیبستین؟ شەشەمین خاڵ ئەوەیە ڕیگرییەکە ئێمەین، نەك پێغەمبەر بێت، پێغەمبەرمان وەکو جاران کەمێك زیاتریش ئێستا مامەڵەمان لەگەڵ دەکات، بەڵام ئێمە ئەو پیاوە نیین بە داوای لێبوردنەوە.

لە شوێنێکی دی دەفەرموویت" (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ)(الأنفال20) نافەرمویت(و الرسول) لێرە (ال)ی پێیەوە نییە لۆ؟ ئەمە ڕەهەندێکی ئاماژەپێکردنی(أیحائي) پاشەڕۆژیی لە بابەتەکەدا هەیە (وَلاَ تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنتُمْ تَسْمَعُونَ)(الأنفال20) لێرەدا باسی (بصر) ناکات، (وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ قَالُوا سَمِعْنَا وَهُمْ لاَ يَسْمَعُونَ * إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لاَ يَعْقِلُونَ * وَلَوْ عَلِمَ اللّهُ فِيهِمْ خَيْراً لَّأسْمَعَهُمْ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعْرِضُونَ)(الأنفال21-23) کەواتە هۆکارێکی سەرەکی هەیە لەم نێوەندەدا کە خودای ڕەحمان ئەو پێغەمبەرەی تا داهاتنی ڕۆژیی دوایی کە وا دەکات کە پێغەمبەرایەتی (نبوة)ی بەردەوام بێت، و لەمپەرێك هەیە لێرەدا وشەی (أسماع)ی بەکارهێناوە"(وَلاَ تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنتُمْ تَسْمَعُونَ)(الأنفال20) ئەو ئەندامە لە تەنیشتەکانی سەری مرۆڤدا هەیە گوێچکە (أذن)ە، لە زمانی عەرەبی و لە نێو قورئاندا ئەمە کۆمەڵێك ئیش دەکات، لۆ نموونە"(أسماع، إصغاء، إنصات) دەکات هەمووشی لە ڕێی ئەم ئەندامەوەیە، ئەگەر بێتوو ئێمە بێن ئائەم ئەندامەی خۆمان، کە کۆمەڵێك فلتەری لەسەر هەیە و هەڵسین بە لادانیان، ئەو کاتە ئەبو بەکر چۆن گوێی لە پێغەمبەر بووە دەبێ بەڕێزیشت بەهەمان شێوە گوێبیستی پێغەمبەر ببیت، ئەگەر بە کردارییانە ئەم فلتەرانەت لادا و کەچی ئەو کاتیش گوێبیستی پێغەمبەریش نەبوویت، ئەو کات تۆ مافت هەیە گلەیی لە خودی پێغەمبەر بکەیت، جا لۆیە پەیامەکەی گرێدراوە بە (نبوة)، پێناسەی (نبوة) وەك ئەوەی کە من تێیگەیشتووم بریتییە لە دابەزاندنی پەیامەکە لۆ واقیع (تنزیل الرسالة للواقع) بە ئەنجامدانی بەراوردکاریی و پێوانەکاریی لە شوێن و سەردەم (بمعایرة الزمان و المکان). واتە بە بۆچوونی من ئەگەر ئیمڕۆ پێغەمبەرمان جیاکاریی لە نێوان بەڕێزت و لە نێوان (موصعەب) بکات ئەمە دادوەریی نییە، چونکە نابێت جیاوازیی بکات، کەچی (موصعەب) گوێبیست دەبوو بەڵام بەڕێزت کە گوێبیستی نابێت ئەمەش لەبەرچییە پرسیارەکە لێرەیە؟

به داخەوە سیرەخوانان ئەم ستەمەیان لە ئێمە کرد کەوا ئێمەیان بەستەوە بە جەستەی پێغەمبەرەوە، و باوەڕیشیان وا هێنا کەوا پێغەمبەریش مرد، کە پێغەمبەریش مرد تەواو ئیتر ڕۆڵی نەما! قورئان ماوە! فەرمووده ماوە، کاتێکیش دەچیتە خزمەت قورئان هەرچۆنێکی عەقلت بگرێت کە تۆ چۆن چۆنی ویستت قورئان تێبگەیت بەم شێوەیە دەتوانیت لە قورئان تێبگەیت، قورئان لەبەردەستتە! لەبەر ئەمەشە بە دەیەها بیر و ڕێبازو و بیروبۆچوون دروست دەبێت هەر بە هۆی قورئان، بە هەمان شێوە فەرموودەش هەر بەم جۆرەیە، بەڵام دەپرسین لۆ؟ چونکە ئێمە لە نێو قورئان هەڵدەبژێرین، ئێمە لە نێو فەمووده هەڵدەبژێرین، ویستی ئێمەی تێدا هەیە. لۆیە دووبارەی دەکەمەوە دەبێ پێغەمبەرمان تا داهاتنی ڕۆژی دوایی (نبوة)تی بمێنێت، و بتوانێت ئا ئەو پەیامەش کارا بکات لۆ کۆی مرۆڤایەتی، ئەمەش نەك تەنیا لۆ گرۆی موسڵمانان، ئەگەر ئەمەی نەکرد؟ ئەوا مانای وایە پێغەمبەرمان جیاوازی دەکات لە نێوان ئەبو بەکر و لە نێوان کەسانی دی، بەڵام بۆچوونم وایە دادوەرترین مرۆڤیش هەر ئەو پێغەمبەرە بووە.

پرسیار: زیادەیەك لەسەر پرسیاری پێشوو لە ژیانی پێغەمبەریش دا هاوەڵ هەبووە لەگەڵیشی ژیاون بەڵام ئەم (سمع و إطاعة)یەیان نەبووە، واتە ئەگەر پێغەمبەر ئەم ڕۆڵەی هەبووایا دەبوو ئەوانیش هەمان (إستجابة)یان هەبووایا.

## نۆ چینەکەی یارانی پێغەمبەر

بابەتێك و شتێکی تایبەتی هەیە ئەویشە خاڵی جیاکەرەوە لە نێوان پلەکانی هاوەڵان، جا ئەگەر بچینە خزمەت سورەتی (التوبة) هاوەڵان نۆ چینیان هەیە، لە قورئاندا نۆ چین لە هاوەڵان هەیە، هەر ئەوانن پێیان گووتراوە"(وَآخَرُونَ اعْتَرَفُواْ بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُواْ عَمَلاً صَالِحاً وَآخَرَ سَيِّئاً)(التوبة102) یان"(وَآخَرُونَ مُرْجَوْنَ لِأَمْرِ اللهِ)(التوبة106) ئەمانەی باسیان دەکات هاوەڵن، وشەی هاوەڵ (الصحابة) وشەیەکی مێژووییە، وشەیەکی قورئانیی نییە، واتا زانایان گووتوویانە کەوا لۆ یەك سات پێغەمبەری بینیبێت، و بڕوای پێ هێنابێت، بە هاوەڵ هەژمارە، ئەم دەستەواژەیە پێداچوونەوەی پێویستە لە قورئاندا، قورئانییانە بەم شێوەیە نییە، بە فەرموودەش ڕاست نییە ئەم پێناسەیە، بەڵام زانایان خودا لێیان ببورێت، کەوتوونەتە بەر کاریگەری ئەو واقیعەی کە تێیدا ژیاون، وا دیارە لەبەرئەوەی ئەو سەردەمەی کە ئەم پێناسەیە دروست بووە، بە شیعەبوون (التشیع) ڕۆڵی زۆر بووە، شیعە و کاریگەرییان لەسەر نەتەوەی ئیسلامی و بەتایبەتی ئەوەی پێیان گووتراوە سوننە کاریگەرییان بەهێز بووە، و لەبەرئەوەی ئەوان لە ناو بە شیعەبوون تەنیا (13)یان ئەوان پایەیان لۆ دادەنێن، ئەوەی دەمێنێتەوە (أهل السنة و الجماعة) هەڵساون بە گۆڕینی پێناسەکە لۆ ئەو سیانزەیە، گووتوویانە ئەوەی پێغەمبەری بینیبێت لە ژیان تەنانەت لۆ یەك ساتیش بێت و گوێبیستی بووبێت ئەوان بە هاوەڵ (صحابي) هەژماریان کردووە، جا نە پێناسەی شیعە تەواوە و نە پێناسەی سوننە تەواوە، قورئانییانە ئێمە نۆ چین هاوەڵمان هەیە، تەنانەت وشەی (صحابة) لۆ توێژێکی کەم هاتووە لە قورئاندا، هەروەها لە فەرموودەش لۆ توێژێکی دیاریکراو هاتووە، بەڵام زانایانمان خودا لێییان ببورێت، ئیشەکەیان هەندێك ئاڵۆز کردووە لەبەر بارودۆخی ڕامیاری و کارگێڕی ئەو سەردەمە.